شەپۆلێکی نوێی باران بارین پاکستانی گرتەوە



ئەمڕۆ دوشەممە، بەهۆی شەپۆلی نوێی بارانبارین لە باکوری باکستان 20 کەس گیانیان لەدەستداوە، میدیاکانی پاکستان باسیان لێوەکرد "تیمەکانی فریاگوزاری بەردەوام بون لە هەوڵەکانیان بۆ دەرهێنانەوەی دەیان تەرم کە هێشتا لەژێر قوڕ و داروپەردودان".

بەگوێرەی ئاژانس فرانس پرێس، بارانبارینی لەناکاوی ئەمڕێی ناوچەی سوابی پاکستان بوە هۆی داڕمانی سەقفی ژمارەیەک بینا و خانو و داخستنی بەشێکی زۆر لە لەگەوبانەکان، ئەوەش لەدوای بارانبارینەکەی ئێوارەی پێنجشەممەی رابردو دێت کە بەشێك لە پارێزگای خەیبەر پەختونخوای شاخاوی نزیك سنوری ئەفغانستانی گرتەوە.

بەرپرسێکی باڵای دەستەی بەڕێوەبردنی کارەساتەکانی خەیبەر پختونخوا کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت باسی لەوە کرد کە چەند گوندێکی ناوچەی سوابی بە تەواوی وێران بون، ئەوەش پشتڕاستیکردەوە، ژمارەی سەرەتایی گیانلەدەستدان بەهۆی بارانبارینی بەخوڕەوە نزیکەی 20 کەس بوە.